دەنگدانی گشتی بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەستپێکرد

کاتژمێر 7:00ـی بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە 18/12/2023، بنکەکانی دەنگدان کرانەوە و پرۆسەی دەنگدانی گشتی بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەستپێکرد.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، زیاتر لە 16 ملیۆن کەس لە هەردوو دەنگدانی گشتی و تایبەت مافی دەنگدانیان هەیە، کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئامادەکاری کردووە بە کردنەوەی حەوت هەزار و 765 بنکەی دەنگدان کە 48 هەزار و 40 وێستگەی دەنگدان لەخۆدەگرێت، بە دەنگدانی گشتی، تایبەت و ئاوارەکان.